گەلانی کۆنی کوردستان

هەر وەك چۆن ئیستا بەسەدەها هۆزو عەشیرەتی کوردی هەن لە کوردستان دەژین لە کۆنیش دا لە قۆناغی پ. ز یان لە هەزارەی دووەمی پ. ز چەندەها هۆزو عەشیرت هەبوون لە کوردستان خۆیان بە کورد دەزانی وەك:

سوباریەکان، کاشیەکان، لولوبیەکان،هەخمازیەکان، خوریەکان، هیتیەکان، میتانیەکان، اورارتوەکان، میدیەکان

1- سوبارو سوبارتۆ:

- سۆمەریەکان بە خاکی سوبارتو دەوت (سو–بیر) (سوبار) (شو–بور)
- ئەکەدیەکان پێیان وتووە(سوبارتو)(سوبارتوم) (شو–با– ری)
- ئاشوریەکان پێیان دەوت : مات شوباری
- میسریەکان کە لە نامەکانی تل العمارنە ناویان هێناوە بە (شبر)
- بابلیەکان لە سەردەمی نبوخزنسر ی دووەم ونابونید ناوی سوبارتو وەك زارەوە ناوە بۆ ئاشورستانی

ناوی سوبارتییەکان لە کۆندا بەم شێوانەهاتوون وەك مان باسکرد
(**سوبیر**-subir ، **شوبورس**-subur ، **شوپریا**-supria ، **سوبارو**-s/subaru

ناوی سوبیر بە مانای = ناوی شوێن / جوگرافی وسنوری جوگرافیان بەم شێوەیە دەست نیشان کردووە : لە چیاکانی تورزەوە تا ئەنشان وەلاتی سوبارتوە

لە لایدیکەوە سنوری سوبارتییەکان دەستپێدەکات لە باکوری گوتیوم ورۆژهەلاتی ئامورڕوەوە, هەروەها دەشبیت سوبارتو لە سەردەمە زوەکاندا تەنها سەر زەمینێەکی بچوك بێت لە کوردستانی ناوەراستدا بەلام لە دواتر دا فروانتر بێت تاکو ئەو وولاتەی گرتووەتەوە کە لە دواتردا ناونرا ووەلاتی ئاشور ولە دواتر پەلی کێشابێت بۆ سەروو خابور لە ڕۆژئاواوە و بەرەو ناوەراستی چیاکانی زاگروس لە باشوری ڕۆژهەلاتەوە

و دەلین لەوانەیە وەڵاتی سوبارتییەکان دوو بەش بێت

یەکەمیان : لە هەزارەی سێیەمی پ.ز دا لە باکوری مێسۆبۆتامیا وکوردستاندا هەبووە کە وەڵاتی ئاشوریش لە گەل دا بووە پێی دەلێت (سوبارتوی بنەوە) Subartu Proper

دووەمیان : یەکەم جار لە 2200 پ ز دا تومار کراوە , لە زاگروس تا ئەمانوسی گرتووتەوە و پێ دەڵێن (سوبارتی مەزن) Greater Subartu

کەواتە باوەڕ وایە دانیشتوانی ووەڵاتی ئاشور پێش کۆچ هینانی ئاشورییە سامییەکان سوباری بوون ولە ژێر فشارو پاڵە پەستۆی ئاشورییە تازە هاتووەکاندا پالیان پێوە بۆ کوردستانی باکور ورۆژهەلات ، سەرباری ئەمەش تاماوەیەکی زۆر دوورو درێژی دواتریش سوباریەکان ژێرخانەی ووەڵاتی ئاشور بوون

بەشێك لە مێژوو نوسان سوباریەكان دەبەنە سەر ئاشوریەكان وبەبەشێك لەوان دەزانن لە بەر دوو هۆكار

1- لە هەزارەی دووەمی پ.ز ئاشوریەكان وەلاتی سوبارتو داگیردەكەن و بە درریژایی مێژوو سوبارتوەكان بونە بەشێك لە كۆمەڵگەی ئاشوری و بنیاتی ئمبراتوریەتی ئاشوری یان دامەزراند وزۆر جار سوبارتوەكان بۆ شانازیكردن خۆیان بە ئاشوری زانیوە

2- زوربەی ئەو سەرچاوانە بە شۆڤینییەوە نوسینەكانیان دەربارەی ملەتی كورد یان نووسیوە بۆ شێواندنی مێژووی كوردان

وئەوەی راستە كە سوباریەكان ئاشوری نین بەلكو لە گەڵ ئەقوامی میتانی وهیتی وخوری كە كوردن نزیكیان هەیە، زۆر تۆیژەر دەلێن كە میتانیەكان بەشێكن لە سوباری هەتاكو وەلاتی میتانیەكان بە وەلاتی سوبارتو ناسراوە، وە دەشلێن كە سوبارتوەكانی مێزبۆتومیا هەر حوریەكان بوونە.

لە هەزارەی سێیەمی پ.ز وەلاتی سوبارتوو دوو جار داگیرکرا یەکەمیان: لە سەردەمی (ئای ئەناتم) پاشای سۆمەری

ودوەمیان: لە سەردەمی سەرجونی ئەکەدی ونارام سین هەروەها حەمورابی

ودوای وەلاتی سوبارتوو لە سەر دەستی ئاشوریەکان داگیر کرا بە تایبەتی سەردەمی تکلات بلاسەری یەکەم 1111-1100پ.ز

و ئاشورییەکان هەڵمەتیان بۆ شاری شریشی سوبارتی بردوو و داگیرکرد و ئەو داگیرکردنە وایکرد رەوتی ژیانی سیاسی وکلتوری وناسنامەی نەتەوەیی سوبارییەکان گۆڕیوە، وسوباریەکان لە گەڵ گۆمەڵگەی ئاشورییدا تێکەل بوو.

بەلام لە گەڵ ئەوەشدا کاریگەری سوباری لە ژیانی ئاشورییەکاندا هەبوو لە کەلتوور و بوارانی تر بە تایبەتی لە هونەر و ئایینداا دەبینرێت . تەنانەت ناوی پاشایانی بنیات نەری شاری ئاشور (ئوشپیا و کیکیا) سوبارتین . وهەندەك سەرچاوە نۆی دەڵین ئەو کاتەی کە بە شاری ئاشور دەووترا باتیل بە وولاٚت دەووترا سوبیر . لە هەمان کاتدا ئەوەی گرنگی هەیە هەندەك دوعا نوشتەی سەردەمی بابلی کۆندا بە زمانی سوباری نوسراون ، ولە ڕێکەوتننامەیەکی سەردەمی ئاشوری کۆندا سوێند بە خواوەنداکانی سوبارتو خوراوە هەتا ناوی (ئاربیلیوم) قەلای هەولیر لە بنەڕەتدا سوباریيە نەك ئاشورییە.

و بە ڕای هەندێك لە میژونوسان ژیانی سەرەکی سوباریيەکان لە گردی گایە ولەیلان وخویرە بوون

پ/ کاریگری سوباری لە سەر ژیانی ئاشوریەکان چیە باس بکە ؟